www.kurdistannet.org
03/03/2003 23:45

وەڵامێك بۆ (كۆلكە مەلایەكەی) یەكگرتووی ئیسلامی !

فریاد هیرانی
friadhirani@yahoo.com

رۆژی ٢٠٠٣/٣/١ لە سایتی (كوردستان نێت) كەسێك بەناوی (رزگار شێخ حەسەن) كە ناوەكە وا پێدەچێت كادری یەكگرتووی ئیسلامی بێ، بەڵام لە ژێر پەردەی ئەم ناوە خواستراوە هێرشێكی نارەوای كردۆتە سەر من و نووسینێكی من، هەروەها بەرگرییەكی كوێرانەی لە فتوایەكەی مامۆستا دكتۆر عەلی قەرەداغی كردووە، كەوا دەردەكەوێت ئەمە دەروێشێكی (عەیار بیست و چواری) مەدرەسەی ئیخوان موسلیمین بێ چونكە سەرجەم نووسینەكەی بریتییە لە كۆمەڵێك تۆمەت دروستكردن و بەكارهێنانی زاراوەی نەشیاو و نەگونجاو ... ئەمەش زیاتر لە پەلەقاژەیەك دەچێت، چونكە نەیتوانیوە بیانوویەكی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەم فتوایە، بۆیە لە جیاتی بەدرۆخستنەوەی هەواڵی فتوادانەكە (كە قەت ناتوانێ بە درۆی بخاتەوە و ئەمە حەقیقەتە و رویداوە و دەقی فتواكە و بەرگی نامیلكەی فتواكەشمان بڵاوكردۆتەوە و، ئێستا لە سایتی كوردستان نێتی بەڕێزدا هەیە لەناو بابەتەكانی رۆژی ٢٠٠٣/٢/١٠ خوێنەر دەتوانێ كلیك لەسەر بابەتەكانی (مانگی پێشوو) بكات كە لە رۆژی ٢/١٠/ ٢٠٠٣ فتواكە ببینێ كە بەرگەكەی رەنگاو رەنگە و نوسخەی ئەسڵیە نەك كۆپیكراو و ناوی مامۆستا عەلی قەرەداغیش لە پێنجەمین ناودا هاتووە) .

بەپێچەوانەی قسە ئەلەق و بەلەقەكانی ئەم كۆلكە مەلایەی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان كە دەفەرموێ فریاد لێكۆڵیارێكی خاوەن زانیاری و سەرچاوەنیە و .....هتد، جا ئەمە ئەگەر خۆدزینەوە نەبێت لە حەقیقەتی فتواكە و پەلەقاژەنەبێ و خۆ گێلكردن نەبێ، ئەمە گواستنەوەی هەواڵە و هەموو رۆژنامەنووسێك دەتوانێ ئەمە بكات، من لێكۆڵینەوەیەكی فكریم نەنووسیوە بەڵكو تەنها هەواڵی فتوایەكم بڵاوكردۆتەوە، جا ئەگەر ئەمە بەڕاستی كۆلكە مەلا نەبێ دەبێ بزانێ لێكۆڵیار و رۆژنامەنووس جیاوازییان زۆرە ! بەڵام ئەم مەلایە یەك عیلمیشی پێ نییە، ئینجا چ جای دوانزە عیلم !! هەروەها چەند جارێك وشەی فاشیزمی بەناوی منەوە لكاندووە، گوایە من بەعەقڵیەتێكی فاشیزمانە بیردەكەمەوە و دەنووسم، بۆ وەڵامی ئەم تۆمەتە نارەواو نابەجێیە تەنیا دەڵێم (كاتێك كە من پێشمەرگە بووم و سەنگەرم لە دژی فاشیزمی بەغدا گرتبوو حزبەكەی تۆ نەك هەر دانەمەزرابوو، بەڵكو دامەزرێنەرەكانیشی بە مامۆستا عەلی قەرەداغیشەوە لە وڵاتانی كەنداوی عەرەب بە ئیسراحەت و چوار مشقی لێی دانیشتبوون كە ئەم وڵاتانە سەرجەمیان پاڵپشتی رژێمی فاشیزم بوون) .

لە كۆتایی قسەكانیشیدا كە زۆر سوپاسی دەكەم كە دەڵێت : (بەڕێز فریاد هیرانی جارێكی تر قیادەی سیاسی بەنووسینەكانی بەڕێزت دڵشاد نین) ، منیش دەڵێم من بۆ ئەوە نانووسم تاكو قیادەی سیاسی رازی بكەم و بەنووسینەكانم دڵشادبن ئەمەش رێك پێچەوانەی ئەو قسانەیەتی كە لەسەرەتادا دەڵێت : (فریاد هیرانی

ناتوانێت وەکو رۆژنامەنووسێکی ئازاد کاربکات) باشە مەلا گیان ئەگەر ئازاد نەبم دەبێت قیادەی سیاسی لێم رازی بێ !! ئەگەریش رۆژنامەنووسێکی ئازاد بم ئەوا وەك خۆت دەڵێی دەبێ قیادەی سیاسی لێم رازی نەبن، منیش شانازی بەوەوە دەکەم کە وەکو تووتی هەڵسوکەوت لەگەڵ نووسین ناکەم بەڵکو بەنەفەسی رەخنەی بنیاتنەرانە دەنووسم و وەکو رۆژنامە نووسێکیش ئەرکی سەرشانمە کاری دزێو و شاراوە بۆ خەڵك ئاشکرا بکەم!!.

لە کۆتایدا دەڵێم من وابەستەی گرێی ئایدیۆلۆژی نیم وەك لەسەرەتای نووسینەکەتدا بەم خاڵە هێرشەکانت دەستپێکردووە ... هەر ئێوەن، هەر ئیسلامی سیاسیە وابەستە و دەستەمۆی گرێی ئایدیۆلۆژییە و قەتیش ناتوانێ عەقڵ و فکر و مێشکی لە دۆگمایی و چەقبەستوویی داتەکێنێ و بۆ لەحزەیەکیش گۆڕانکاری و نوێخوازی قبوڵ بکا !! کە بەڕاستی ئەمەیە مەهزەلەی عەقڵی ئیسلامی سیاسی نەك ئێمەومانان !!.

تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەندێ نووسیندا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت